# پێشنیاری مافی سیاسی ـ نیهادی‌یەکان

ئەو ڕەوتە حوقووقی‌یـەی ئـەمڕۆ لـە یاسـای نێونەتـەوەیی‌دا بـۆ گەلاڵـەو پەسـند کردنـی مافـە سیاسـی‌و نیهادی‌یـەکانی کەمایەتی‌یـە نەتەوەیی‌یەکان تێ‌دەکۆشێ، لە پێش هەموو شتێك دا پشت بەو پێناسەو تەفسیرە نوێیانە دەبەستێ کە هێندێ سەرچاوەی یاسایی نێونەتەوەیی لە دەیەی ڕابردوودا لە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان کردوە.

ئێمە پێشتر ئەوەمان ڕوون کردەوە کە کەمایەتی‌یە میللی‌یەکان لە یاسـای نێونەتـەوەیی‌دا مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـیان بـە مانـای جیابوونەوەو سەربەخۆیی نیە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کەئەوان هەقیان نیە لە هیچ کام لە شکڵ و شێوەکانی دیکەی مافی چارەنووس کەڵك وەربگرن. هەروەك دەزانین یەکێك لە مانا سەرەکی‌یەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لایەنە نێوخۆیی‌یەکەی ئەو مافەیەو بریتی‌یە لە مـافی دانیشتووانی وڵاتێك بۆ دیاریکردنی سەربەستانەی شێوەی حکوومـەت و بەشـداریی ئازادانـەش (بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ یـا ناراسـتەوخۆ) لـە نیهادەکانی بڕیاردەر دا. ئەو لایەنە لە مافی چارەنووس بە دوو جۆر لێك دراوەتەوە: لانی کەمی وەبەرچاوگرتنی ئـەو مافـە بریتی‌یـە لـەوەی دەوڵەت ناوبەناو و بەرێکوپێکی هەڵبژاردن ڕێك بخاو لانی زۆرەکەشی دەبێتە هۆی ڕێزگرتنی دێموکراسیی لیبراڵ و مافەکانی مرۆڤ.

بەڵام بۆ کەمایەتی‌یە میللی‌یەکان سوود بینین لەو شێوەیە لە مافی چارەنووسی نێوخۆیی کافی نیە، چونکە ئەوە ئەندامانی کەمایەتیین کە وەك هەر هاووڵاتی‌یەکی دیکە لە دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی وڵات دا بەشداری دەکەن نەك کەمایەتی‌یەکـە بۆخـۆی. ئـاخر لـە بەشـی پێشووی باسەکەمان دا نیشانمان دا کە پێویستە کەمایەتی وەك هەیەو بــە عینوانـی کۆمەڵەیـەك لـە هاووڵاتی‌یـانی بـە فەرهـەنگ جیـاواز لەدێموکراسی‌دا بەشدار بێ. هەربۆیە ئەمڕۆ هێندێ لایەن و ناوەند بە جۆرێکی دیکە بۆ مافی چارەنووسی نێوخۆیی کەمایەتی‌یەکان دەچن کـە بریتی‌یە لە "چارەی خۆنووسینی تایبەتی" لە چوارچێوەی وڵات دا.

نموونەکانی ئەو ناوەندە حوقووقی و قەزایی‌یە نێونەتەوەیی‌یانەی داوای مافی چارەنووسی تایبەتی بۆ کەمایەتی‌یەکان دەکـەن زۆرن. یەکـەم جار کۆمیتەی خەبات لە دژی جیاوازی دانان و بۆ پارێزگاریی کەمایەتی‌یەکان ڕایگەیاند کـە کەمایەتی‌یـەکان مـافی چـارەی خۆنووسـینیان هەیەو بریتی‌یە لە "هویت"و دێموکراسی‌و ماف و ئازادی‌یە نێونەتەوەیی‌یە بەڕەسمی ناسراوەکان. بەڵام ئەوە کۆمیسیۆنی داوەری بوو (کــە لـە چوارچێوەی کۆنفرانسی ئورووپایی بۆ ئاشتی لە یوگۆسلاوی‌داو بۆ چارەسەر کردنی کێشەی جیابوونەوەی کۆمارەکانی ئەو وڵاتە پێـك هـاتبوو) کە مافی "هویت"ی کەمایەتی‌یە میللی‌یەکانی ڕوون کردەوەو حاڵەتی ئیجرایی‌و ئیجباریی پێ‌بەخشی.

بەشێکی بەرچاوی کارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە بۆ مەسەلەی کەمایەتی‌یە تازەکان تەرخان کرابوو. پێویستە بگوترێ کە حکوومـەتی فیـدراڵ لە بێلگراد بە دەست سێربەکانەوەیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر سێرب لە نێو سنوورەکانی دەوڵەتە تازە بەسەربەخۆیی گەیشتووەکانی یوگۆسلاویی پێشوو بە تایبەتی لە بۆسنی هێرزەگۆوین و کرۆواسی دا دەژیان کە ئـەوانیش بـە نـۆرەی خۆیـان کۆمـاری سـەربەخۆیان ڕاگـەیاندبوو. بـەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌حازر نەبوو بەڕەسمی‌یان بناسێ. کۆمیسیۆنی داوەری وێڕای ڕەت کردنەوەی مافی جیابوونەوەی ئەو سـێربانە ڕایگـەیاند کە "ئەو کەمایەتی‌یانە دەبێ پارێزگاری‌یان لـێ‌بکرێ، ئەندامانی وان دەتوانن میللییەتی دڵخوازی خۆیـان[کـە دەکـرێ میللییـەتی دەوڵـەتی بێلگراد بێ] هەڵبژێرن و تایبەتمەندیی قەومی، مەزهەبی یا زمانیی خۆیان بپارێزن". بەبڕوای کۆمیسۆنی داوەری، مافی کەمایەتی‌یـەکان لـە مافی گەلانەوە سەرچاوە دەگرێ‌و بریتی‌یە لە مافی "هویت" کە دەتوانێ لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) دا وەدی بێت.

سەبارەت بە مافی "هویت" پێویستە ئیشارەیەکیش بە گەلانی "بوومی" یان ئەو خەڵکە هەوەڵی‌یانـەی لـە سـەرزەوی‌یە تەسـخیر کـراوە جۆربەجۆرەکان دا بەشێوەی سوننەتیی خۆیان دەژین، بکەین. گەلانی بوومی لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا زۆر لە کەمایەتی‌یـەکان زیـاتر مـاف و پارێزگاری‌یان بۆ لە نەزەر گیراوە، بەڵام ئـەو پێناسـەو کۆمەڵـە ڕێوشـوێنانەی پێوەندی‌یـان بەوانـەوە هەیـە لەگـەڵ پارێزگـاری نێونەتـەوەیی کەمایەتی‌یەکان زۆر وەك یەك دەچن. مافی گەلانی "بوومی" و مافی کەمایەتی‌یەکان بەشێوەیەکی تەریب (موازی) لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا دەچنەپێش و هەرکامیان هەوێن بەخش و شوێنەواردانەری (تأثیرگـذاری) ئەوی دیکەیانە. لەپێوەندی لەگەڵ مافی "هویـت"یش دا دەسـتەی کاری گەلانی بوومی لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندوە کە دەبێ مافی خودموختاریی سیاسی‌و ئیداریی ناوچەیی بەو گەلانە بدرێ.

خودموختاریی سیاسی‌و ئیداری ئەو قەوارە ناوچەیی‌یە پێك دێنێ کـە مـافی "هویـت"ی تێـدا وەدی دێـت وپێشـنیاری مافـە سیاسـی‌و نیهادی‌یەکانی کەمایەتییش هەربۆ ئەوەیە کە ـ ئۆتۆنۆمی ـ وەك ئەسڵێکی نێونەتەوەیی بۆ پارێزگاری کردن لەکەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یـەکان

پەسند بکرێ. (پێویستە بگوترێ کە وشەی "خودموختاری" لێرەدا تەنیا وەك بەرامبەر (مرادف)ێك بۆ "ئۆتۆنۆمی" بەکار دەبرێ، ئەوەکە نێوەرۆك و شکڵەکانی ئەو ئۆتۆنۆمی‌یە چین، مەسەلەیەکە کەلە بەشی پێوەندیدار بە رێگا چارە نێوخۆیی‌یەکانی کێشەی کەمایەتی‌یەکان دا باس دەکرێ).

ئەسڵی خودموختاری شتێك نیە کە یاسای نێونەتەوەیی لێی بێگانە بێ، بەڵکوو زۆر باشیشی دەناسێو لە مەواریدی جۆربەجۆردا پەسندی کردوە. ئەو خودموختاری‌یانەی چ لە رابردوداو چ ئەمڕۆ بە کەمایەتی‌یە میللی‌یەکان دراون، لەسەر بناغەی یاسای نێوخۆیی (حقوق اساسی) وڵاتان بوون یان لەسەر بناغەی مافی نێونەتەوەیی.

پێشینەی دانی خودموختاری بە پێی یاسای نێونەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی مەسیحی‌یەکانی رۆژهەڵات کە لە پەیمانەکانی لەندەن (١٨٢٧) و پاریس (١٨٥٦) و بێرلین (١٨٧٨)و،... دا بەرنامەڕێژی کرابوون. ئەو ماف و پارێزگاری‌یانەی لەو پەیمانانەدا بۆ کەمایەتی‌یە مەزهەبی‌یەکان لەنەزەر گیرابوون، بەشێوەی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ خودموختاریی وانی بە دووی خۆیدا دەهێنا. لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی خودموختاری بۆ پارێزگاری لە کەمایەتی‌یە میللی‌یەکانی نێودەوڵەتانی بەرهەمی لەبەریەك هەڵوەشانی ئیمپراتۆری‌یەکانی ئوتریش ـ مەجار و عوسمانی بەکار هات و کۆمەڵە پەیمانێك لەگەڵ وڵاتانی وەك چیکۆسلۆواکی و لەهستان و لیتوانی‌و تورکیەو... ئیمزا کران کە دیارە هەموویان بەجێ‌نەگەیەنران. بەڵام گرنگترین و ناسراوترین نموونەی خودموختاری بە پێی مافی نێونەتەوەیی ئەو رێککەوتنەیە کە لە ساڵی ١٩٢١ دا لەژێر چاوەدێریی شوورای "کۆمەڵی نەتەوەکان" داو لەنێوان سوئێدو فینلاند سەبارەت بە خودموختاریی دوورگەکانی "ئالاند" ئیمزا کرا. مەسەلەی "ئالاند" وەك جوانترین و بەنرخترین بەڵگەی چارەسەری ئاشتیخوازانەو سەرکەوتووانەی کێشەی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان لە مێژوودا ماوەتەوە.

سەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و رەوتی رزگاریی گەلان لە دەسەڵاتی ئیستیعماریش دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی یاسای نێونەتەوەیی سەرلەنوێ ئەسڵی خودموختاری زیندوو بکاتەوە. فەسڵەکانی ١١و ١٤ی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێوەندی‌یان بە سەرزەوی‌یە ئیستیعماری‌یەکانی دەوڵەتانی سەرکەوتووی شەڕی دووهەم و وەهەروەها ئەو موستەعمەرانەوە هەبوو کە پێشتر لە دەستی وڵاتە شکاوەکانی شەڕی یەکەم دا بوون و ئەرکی بەڕێوەبردنیان خرابووە ئەستۆی دەوڵەتێکی دیکە. بەپێی ماددەکانی ٧٣و٧٦ی ئەو مەنشوورە ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیدانی گەلانی‌ئەو ناوچانە بۆ بەڕێوە بردن و گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی‌یەکی تەواو بوو. پاشانیش کاتێك رەوتی رزگاری لە ئیستیعمار دەستی پێ‌کرد، بڕیارنامەی ١٥٤١ رایگەیاند کە گەلان دەتوانن چارەنووسی خۆیان بە سێ شێوە دیاری بکەن. ١ـ دروست کردنی دەوڵەتێکی سەروەرو سەربەخۆ. ٢ـ تێکەڵ بوون لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە. ٣ـ پێکهێنانی "تجمع"ی هاوپێوەندی‌و هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتێکی تر. بڕیارنامەی ٢٦٢٥ی ساڵی ١٩٧٠ لەسەر پێوەندیی دۆستانەی نێودەوڵەتی بڕگەیەکی چوارەمی زیاد کرد کە بریتی بوو لە "هەر رێگا چارەو ستاتوویەکی دیکە کە گەلەکە بە ئازادی بڕیاری لەسەر دابێ".

پێویستە بگوترێ کە لەبەرئەوەی دەوڵەتانی ئیستیعمارگەر نەیان دەویست وا بەهاسانی سەرزەمینەکان چۆل بکەن و فرت و فێڵیان لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ ویستی راستەقینەی خەڵکی ئەو سەرزەمینانەدا بەخەرج دەدا، ئەو رێکخراوە هاتە سەر ئەو قەناعەتە کەهەوڵ بدا هەتا ئەو جێگایەی دەکرێ هەموو سەرزەمینەکان بە سەربەخۆیی بگەیەنێو هیچ رێگاچارەیەکی نێوەندیی (میانەی) قبوڵ نەکا. بەڵام هەروەك دەبینین هەم نیازی سەرەتاکانی ئەو رێکخراوەو هەم نێوەرۆکی مەتنە حوقووقی‌یەکان، ئەسڵی خودموختارییشیان بەلاوە پەسند بوو.

لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو چالاك بوونەوەی رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانیش لەزۆر جێگادا ئەسڵی خودموختاری وەك رێگا چارەی کێشەی کەمایەتی‌یەکان پێشنیارو پەسند کراوە کە ئەوەش دەبێ لەسەر حیسابی مافی نێونەتەوەیی دابنێین و وەك نەرێتێکی یاسایی چاوی لێ‌بکەین.بەڵام ئێستا با بزانین پێشنیاری مافی سیاسی‌و نیهادی بە مانای ئۆتۆنۆمی لەیاسای نێونەتەوەیی‌دا چۆن خراوەتەڕوو و بەکوێ گەیشتوە.

ئەمڕۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەتا دێ زیاتر سەرنج دەداتە ئەسڵی خودموختاری‌و بەرێگا چارەیەکی دەزانێ کە دەتوانێ تەواوەتیی ئەرزیی وڵاتان و مەوجوودییەتی کەمایەتی‌یەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوە.

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٩٣ لەراپۆرتی "تاید" لە پێوەندی لەگەڵ "ڕێگا چارەی کێشەی کەمایەتی‌یەکان"دا خودموختاریی بە ڕێگاچارەیەکی زۆر لەبار لەقەڵەم دا، بەڵام رایگەیاند کە "یاسای نێونەتەوەیی هێشتا مافی خودموختاریی بۆ هەموو کەمایەتی‌یەك تێدا نیە". با بزانین هۆی ئەو ئەنجامگیری‌یە چی‌یە؟

ئەومەتنە حوقووقی‌یانەی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا لەسەر خودموختاری گەڵاڵە کراون بەرهەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ئورووپایی‌یەکانن. ساڵی ١٩٩٠ لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئەمنییەت و هاوکاری لە ئورووپا کەلە کۆپنهاگ بەسترا، ئیتالیا بە پشتیوانیی هێندێك وڵاتی دیکە کە خودموختاری‌یان تێدایە یان فیدراڵین داوای کرد کە دۆکۆمێنتی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیە مافی خودموختاری بۆ کەمایەتی‌یەکان بەرەسمی بناسێ، بەڵام پێشنیارەکە قبوڵ نەکراو پەسند کراوەکە تەنیا باسی ئەوە دەکا کە ڕێکخراوەکە شاهیدی رەوتی بڵاوبوونەوەی ئەسڵی خودموختاری‌یە. شوورای ئورووپاش کە نیهادێکی بەناوی "کۆنگرەی دەسەڵاتە ناوچەیی‌یەکان" پێك هێناوەو پرۆژەی پەیمانی ئۆتۆنۆمیی مەحەللیی پەسند کردوە، لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی خۆی دا لە ساڵی ١٩٩٣ تەوسیەی بە دەوڵەتانی ئەندام کرد کە خودموختاری بە کەمایەتی‌یە میللی‌یەکانیان بدەن، بەڵام کاتێك لە ساڵی ١٩٩٤ گەڵاڵەی کۆنوانسیۆنی پارێزگاری لە کەمایەتی‌یەکان پەسند کرا، ئەسڵی خودموختاریی تێدا جێبەجێ نەکرایەوەو تەنیا باسی ئەوە کرابوو کە دەبێ کەمایەتی‌یەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان دا بەشدار بکرێن. کەوابوو ئورووپا ئەگەرچی لانکەو مەڵبەندی سەرەکیی پارێزگاری لە کەمایەتی‌یەکانە هێشتا ئەسڵی خودموختاری بەشێوەی روون و راستەوخۆ بەرەسمی نەناسیوە.

بۆ گەڕان بەدوای پەسند کرانی خودموختاری لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا ئەوە کارە حوقووقی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە دەبێ زیاتر سەرنجی بدرێتێ.

ماددەی ٢٧ی پەیمانی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان (١٩٦٦) کە پێشتر باسمان کردوە پوختەی مافە بەرەسمی ناسراوە دڵنیاکانی کەمایەتی‌یەکانی تێدا جێبەجێ کراوەتەوە. بەڵام هەروەك گوتمان ئەو مافانە زۆرتر سیمایەکی فەرهەنگی‌و تاکەکەسی‌یان هەیەو ئەگەر تەنانەت بەشێوەیەکی بەکۆمەڵیش وەدی بێن، ناتوانین ئەو مەتنە بە بنەمایەك بۆ ئۆتۆنۆمیی سیاسیی کەمایەتی‌یەکان لەقەڵەم بدەین. دیارە هەروەك پێشتر نیشانمان دا تەنیا چوارچێوەیەکی سیاسی‌و نیهادی دەتوانێ بەڕاستی وەدیهێنەری ئەو مافانە بێ، بەڵام ئەگەر ئەو مەتنە بخوێنینەوە، ناتوانین بڵێین کە بەم جۆرە دەوڵەتان مافی خودموختاری‌یان بەرەسمی ناسیوە.

تێکستێکی دیکەی شایانی وەبیرهێنانەوە راگەیەندراوی ساڵی ١٩٩٢ی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە دیارە (قوت اجبار)ی نیەو تەنیا نیشانەیەکی نەریتی نێونەتەوەیی‌یە.

لە بەندی ٣ی ئەو راگەیەندراوەدا نووسراوە:"ئەندامانی کەمایەتی‌یەکان دەتوانن چ لە ئاستی وڵات و چ لە ناوچەی خۆیان دا لە دانی ئەو بڕیارانەدا بەشدار بن کە پێوەندی‌یان بەوانەوە هەیە، بەجۆرێك کە یاسای وڵاتەکەی پێشێل نەکرێ". بەداخەوە ناتوانین ئەمەش بە بەڵگەی بەرەسمی ناسرانی نێونەتەوەیی خودموختاری دابنێین، چونکە جارێکی دیکە قسە نەك لە کەمایەتی بەڵکوو لە ئەندامەکانی کراوەو مەرجی "گونجان لەگەڵ یاسای وڵاتەکە" کە لەو بەندە دا دەبینرێ دەرفەتی ئەوە بە دەوڵەتان دەدا کە بە کەیفی خۆیان تەفسیری بکەنەوە.

جیددی‌ترین هەوڵی پەسند کردنی ئەسڵی خودموختاری لە مافی نێونەتەوەیی‌دا ئەو پرۆژەیە بوو کە ساڵی ١٩٩٤ بە پێشنیاری "لیشتنشتاین" و لەژێر سەردێڕی "دیاری کردنی چارەنووس لە ڕێگای خودموختاری‌یەوە" لە دەستووری کاری سێهەمین کۆمیسیۆنی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دا دانرا. پرۆژەکە دەوڵەتانی بۆ باس و گفتوگۆ لەسەر بەرەسمی ناسینی ئەسڵی خودموختاری دەعوەت دەکردو پێکهێنانی بنیاتێکی نێونەتەوەیی بۆ تەدوینی کۆنوانسیۆنێك و دروست کردنی نیهادێکی راوێژکاری (مشورتی) کە کەمایەتی‌یەکانیش دەستیان وێی رابگای پێشنیار دەکرد. ئەو پرۆژەیە هەروەها نێوەرۆکی کۆنوانسیۆنەکەی پوختەکردبوو و بریتی بوو لەوەی دەوڵەتان لەپێش دا هێندێك ماف و پارێزگاریی سەرەتایی بۆ کەمایەتی‌یەکانیان بەرەسمی بناسن و پاشانیش ئەگەر رازی بان، دەیان توانی بەشێوەی "تدریجی"و بەهۆی راگەیاندنێکی تایبەتی‌یەوە ماف و دەسەڵاتی زیاتر بە نیهادەکانی سەر بە کەمایەتی بدەن کە لوتکەی ئەو ئیمتیازانە ئۆتۆنۆمیی سیاسی بوو. وەك دەبینین ئەو پرۆژیەش زۆر بە پارێزەوە دەدواو سەروەریی دەوڵەتانی وەبەرچاو دەگرت. بەداخەوە سەرەڕای پشتیوانیی دەوڵەتانی وەك رووسیە، ئۆکراین، مەجارستان، نیجێر و...، دژایەتیی هەیئەتی وڵاتانی وەك ئەندۆنێزی، پاکستان، هیندوستان، غەناو...

قەناعەتی بە سەرجەم وڵاتەکانی دیکە هێناو نەك هەر پەسند کردنی ئەسڵی خودموختاری ڕەت کرایــەوە، بــەڵکوو بــاس و گفتوگــۆی زیــاترو قووڵتریش لەسەر ئەو مەسەلەیە بۆ وەختێکی دیاری نەکراو وەدواخرا.

بەم جۆرە دەبینین کە ئەسڵی خودموختاری هێشتا لە مافی نێونەتەوەیی‌دا بەشێوەیەکی گشتی‌و هەمەلایەنە بەڕەسمی نەناسراوە. ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە شایەتی ئەو واقیعەین، دەبێ بە پەرەگرتنەوەو تێڕاچوونەوەی ئەو ڕەوتە حوقووقی‌یەی بۆ پەسند کرانی نێونەتەوەیی ئەسڵی خودموختاری تێدەکۆشێ هیوادار بین. پێش بینی دەکرێ کە لە ئاستی ئورووپادا سەرەنجام ئەو ڕەوتە لە داهاتوویەکی نزیك دا سەرکەوێ‌و نیهادە حوقووقی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەوڵەکانی خۆیان درێژە پێ‌بدەن. جگە لەوەش زیادبوونی ماوە بە ماوەی ژمارەی ئەو وڵاتانەی خودموختاری بە کەمایەتی‌یە میللی‌یەکانیان دەدەن و تێکۆشانی ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان بۆ سەپاندنی خودموختاری وەك ڕێگا چارەی زۆر لە کێشە میللی‌یەکان لە لایەك، و لە لایەکی دیکەش حەقیقەتی ئەو مەسەلەیە کە مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی کەمایەتی‌یەکان تەنیا لە چوارچێوەی نیهادی‌و ناوچەیی‌دا دەتوانن بەراستی وەدی بێن، سەرەنجام سەرجەم دەوڵەتان بەو قەناعەتە دەگەیەنێ کە دانی مافی سیاسی‌و نیهادی بە کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان دەتوانێ پێشگیری لە ئاڵۆزی‌و قووڵ بوونەوەی زیاتری کێشەی پێکەوەژیانی گەلان و وەدیهاتنی مەترسیی لەبەریەکهەڵوەشانی وڵاتانی مەوجوود بکا.